www.kurdistannet.org

# شەن و شانە

**حەمەسەعید حەسەن**

لە تافی لاویمدا، لەو شارەی لێی دەژیام دوو سینەمای لێ بوو، پێم خۆش بوو هەر فیلمێ نیشان بدرێ، ببینم. ئەو سەردەمە بە پلەی یەکەم فیلمەکانی برژیت باردۆ و کلۆدیا کاردینالّی سەرنجیان ڕادەکێشام. نایشارمەوە عەشقی من بۆ فیلمەکانیان، تەنیا لە سەرچاوەی جوانیی ئەو دوو شۆخەژنەوە هەڵدەقولاّ. ئەگەرچی دوو سێ جار بۆ هەر فیلمێکیان دەچووم، کەچی چاوی برسی و نەوسنم لە جوانییان تێر نەدەبوو.

کلۆدیا هێندە شۆخ و دڵبەر بوو، کە بە پیادەڕێیەکدا تێدەپەڕی، لە شەقامەکەدا، شوفێر ئاگای لە بەرچاوی خۆی نەدەما و ڕووداوی دڵتەزێن دەقەوما، هەر بۆیە سەرۆکی شارەوانی، ڕێی پێ نەدەدا بە پۆشاکی داوێنکورتەوە پیاسە بکات. هەر کە برژیت لە کەناری زەریا خۆی دەدایە بەر خۆر، چەندین کەس تەنیا لە پێناوی ئەوەدا تاقە سەرنجێکی بۆ لای خۆیان ڕابکێشن، هەوڵی خۆ خنکاندنیان دەدا.

کورتەی ناوی ئەو دوو شاژنە، ‹ب ب› و ‹ک ک› بوو. هەر لەژێر کاریگەرێتی کورتەی ناوەکانی ئەواندا بوو، کە دەستم دایە هونەر، لە بری ناوی خۆم ‹س س›م هەڵبژارد.

دەمزانی قادر کابانی هونەرمەند، یادی بە خێر، سەرتاش بووە، ئەمە هانی دام منیش بە دەم سەرتاشینەوە، بیر لە موسیک بکەمەوە. بیستبووم ئێنگلس گوتبووی: ئەوە کار بوو مەیموونی کرد بە ئینسان و هەر کاریش سەرچاوەی هەموو هونەرێکە. دەرکم بەوە کردبوو کە هەندێ لە گۆرانییە دێرینەکان بە دەم جووتکردن، تۆو وەشاندن، دروێنە، شەنکردن و گەنم کوتانەوە سەریان هەڵداوە. لە دڵی خۆمدا گوتم: ئەگەر شەن بە دەست، توانای ئاواز دانانی هەبێ، ئەدی منی شانە بە دەست، بۆچی بەختی خۆم لە هەمان بواردا تاقی نەکەمەوە؟

کاتی خۆی کە ئەندامی کۆمەڵە بووم، کتێبێکی ‹کیم ئێلّ سۆنگ›م ‹کە باسی لە پشت بە خودی خۆ بەستن دەکرد،› خوێندبووەوە، لە ڕوانگەی ئەو سەرۆکە نەتەوەییەوە، ‹کە هەر کاتێ مانگ چواردە بووایە، وێنەی ئەوی نیشان دەدا،› بۆ دانانی ئاواز، لە بری کەمان و تەپڵ، کە هیچیان خۆماڵی نەبوون، سوودم لە دوو ئامێری خۆمکرد، کە فیکە و چەقەنە بوون، بینی.

شارەزای ژیانی گەلێ هونەرمەندی بێگانە بووم، هەندێکیان سەر بە خێزانی هونەری بوون. منیش خەوم بەوەوە دەبینی خێزانێکی هونەری پێکەوە بنێم. باش بوو دوو منداڵم هەبوو، ئیدی لە گۆرانی منداڵانەوە دەستم پێ کرد. یەکەم بەرهەمی هونەریم، ‹کە تێیدا کیژەکەم بە پشە پشە دەستی پێ دەکرد و کوڕەکەم بە میاو میاو بۆی دەسەندەوە،› وەک ڕووخانی دیواری بەرلین دەنگی دایەوە. ئیدی دەروازەی کۆشکی بڵندی هونەر بە ڕووخساری سۆفی ئاسا، یان ڕوونتر نوورانیمدا، کەوتە سەر گازەرای پشت.

بێ با بە یەزدان سوێند بخۆین هەردوو
نە من بێنم ژن، نە تۆ بکەی شوو.
ڕەنگزەردی خەڵکی خەتای ڤایرۆسە
ڕەنگزەردییەکەی من دووری ڤینۆسە.

ئێستا سەرقاڵی داهێنانی ئاوازێکی دنیاهەژێنم بۆ ئەو شیعرە، کە خۆم دامناوە و هەر خۆیشم دەیچڕم.